" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکاڵاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس" rahmayub@yahoo.de

# دەڵایلی شەڕ لە گەڵ ئێران

## نوسینی: کراسیمیر پێترۆڤ، دوکتۆرای فەلسەفە
## وەرگێڕانی: ئەیوب ڕەحمانی

بۆ یەکەم جار لە مێژودا ئەمەریکا توانی لە قەرنی بیستەم، لە جیهان نا ڕاستەوخۆ بە شێوەی تەوەرەوم ماڵیات وەربگرێت. پێویست نەبو کە ڕاستەوخۆ داوای وەرگرتنی ماڵیات بەرز بکاتەوە، بەو شێوەی کە ئیمپێریاڵەکان و یا فەرمانڕەواکانی پێشتر بەرزیان دەکردەوە، بەلکو ئەمەریکایەکان بە جێگای ئەوە وەرەقەی پوڵەکانی خۆیان بلاو دەکردەوە، دۆلاریان بۆ وەلاتانی دیکە دەنارد و کالایان وەردەگرت. ئەمانە هەموی بە ئەنقەست دەکرا، چونکو نرخی دۆلار دواتر هەر وەک چاوەڕوانیان لێ دەکرد، بە هۆی تەوەرەوم و ئیفلاس هاتە خۆوارەوە و دواتر هەر دولارێکیان بە کالایێکی کەمتر وەردەگرتەوە! فەرقەکە موتابیقی هەر ئەوی جاران بو کە وەک ماڵیات لە وەلاتانیان وەردەگرت. هەمو ماجەراکە بەم شێوە رویان دەدا:

وەرەقە بە بێ زێڕ (پشتوانەی ئەرزی) هەر وەرەقەیە و بەس

لە ئەوەڵەکانی سەدەی بیستەمدا ئابوری ئەمەریکا دەستی کرد بەوەی کە خۆی بە سەر ئابوری جیهاندا زاڵ بکات. دۆلاری ئەمەریکا بە زێڕەوە بەسترابووە، ئەمە بەو مانایەیە کە نرخی دۆلار نە بەرز دەبووە و نە دەهاتە خوارەوە و سەقامگیر بو، لە بەر ئەوەی کە دۆلار لە گەڵ پشتوانەی زێڕ دەهاتەوە و پشتی قایم بو. بوحرانی ئابوری جیهان بەو ئیفلاسەی کە لە ساڵەکانی 1921 بۆ 1929 توشی بو و بە دوای ئەودا ئەو کەم هاتن یا کەسری بودجە بە شێوەێکی بەرینە کە هاتە پێش، ئەرزیشی پارەی بانکەکانی بە شێوەێکی چاوەڕوان نەکراو هێنایە خوار و هەر ئەمانەش بونە سەبەبی ئەوەی کە زێڕ ئیتر نەی دەتوانی پشتی دۆلار بگرێت و نرخی هاتە خوارەوە. بە دوای ئەم ڕوداوانەدا، روزڤێلت لە ساڵی 1932 دۆلاری لە زێڕ جیا کردەوە. تا ئەو کاتانە با ئەمەریکایەکان ئابوری جیهانیشیان هێنابێتە ژێر سەیتەرەی خۆیانەوە، بەڵام لە دیدگای ئۆکۆنومیستیەوە ئەمەریکایەکان نەبونە فەرمانرەوای جیهان. بەسترانەوە بە زێڕەوە ئیجازەی بە ئەمەریکاییەکان نەدەدا کە خۆیان بە نرخی جاران و لە سەر قیمەتی وڵاتانیتر دەوڵەمەند بکەن.

فەرمانرەوایی ئابوری ئەمەریکا لەو سەعاتەدا دوبارە لە دایک بووەوە کە لە ساڵی 1945 پەیمانی برێتۆن- وودز بەسترا. بە پێی ئەو پەیمانە دۆلاری ئەمەریکا ئیتر لەوە زیاتر نەدەتواندرا لە لایەن حکومەتی ئەمەریکاوە بە زێڕ بگۆردریتەوە، بەلاّم حکومەتەکانیتر دەیانتوانی کە دۆلار بە زێڕ بگۆڕنەوە. ئەمە دەلیلی گۆڕانی مەوقیعیەتی دۆلار بو کە بو بە هۆی کرانی دۆلار بە زەخیرەی پوڵ لە جیهاندا. ئەمە ئیمکانپەزیر بو، لە بەر ئەوە کە ئەمەریکایەکان لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە گەڵ موتەحیدەکانی خۆی رێککەتبون کە



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

ئەوان ناچارن کالاکانی ئەمەریکا بە زێڕ بکڕن، ئەمە بوە سەبەبی ئەوەی کە ئەمەریکاییەکان توانیان بەشێکی بەرچاو لە زێڕی مەوجود بۆ خۆیان زەخیرە بکەن...

لە واقیعدا جۆرێک وەرشکەستە بون

کاتێک کە خاریجیەکان لە ساڵەکانی 1970 - 1971 ویستیان دۆڵارەکانیان بە زێڕ بگۆڕنەوە، حکومەتی کاتی ئەمەریکا لە 15ی ئاگوستی 1971 بەدواوە ئیتر حازر نەبو کە قەرزەکانی بداتەوە. هاوکات کە قۆکس پۆپولی تاریخی جیاکرانەوەی دۆلار و زێڕ دەگێڕێتەوە، ئەو کاتەیە کە حکومەتی ئەمەریکا ئێتر حازر نیە کە دۆڵار بە زێڕ تەبدیل بکاتەوە، ئەمە لە عەرزی واقیعدا بە مانای جۆرێک لە وەرشکەستەگییە. لە ئەسلدا ئەمەریکاییەکان بەم کارە خۆیان دەبەنە سەر واتە دەبنەوە بە فەرمانڕەوا. ئەیالاتی موتەحیدە بە میقدارێکی هەرە زۆر لە کالاکانی وڵاتە خاریجیەکانیان مەسرەف کرد، بە بێ ئەوەی کە بە تەما بن و یا بتوانن رۆژێک لە رۆژەکان ئەم کاڵایانە بنێرنەوە بۆ خاوەنەکانی و یا پارەکەی بدەن، جیهانیش لەو کاتەدا ئەو توانایی و هێزەی نەبو کە داوای شتەکانی بکاتەوە. جیهان باجگیری لێ دەکرا بەڵام توانایی بەرپرچدانەوەی نەبو.

لە بەر ئەوەی کە فەرمانرەوایی ئەمەریکیەکان هەر وا بمێنێت و لە باقی وڵاتانی جیهانیش هەر وا باجگیری بکرێت، لەو کاتەوە ئەمەریکاییەکان ناچار بون کە جیهان مەجبور بکەن بەوە کە هاتنە خواری دائیمی نرخی دۆڵار لە کاتی گۆڕینەوەی کالا قەبول بکەن و ئەم حالەتە هەمیشە هەر بەو شیوە برواتە پێش. ئەیالاتی موتەحیدە دەبو دەلیلێکی ئابوری بدۆزنەوە کە بۆچی جیهان دەبێ دۆڵار قەبول بکات و ئەم بەهانە نەوتی خام بو.

لە ساڵی 1971 هەر دەهات و شتەکە رۆشنتر دەبووەوە کە حکومەتی ئەمەریکا لەوە زیاتر ناتوانێت دۆڵارەکانی بە زێڕ بکرێتەوە، ئەوە بو کە لە ساڵەکانی 1972 - 1973 لە گەل وڵاتی عەرەبستانی سعودی پەیمانێکی غەیری قابیلی گۆڕانی بەست کە ئەمەریکیەکان لەوە بە دواوە ماڵ و وڵاتی پاشایەتی و شێخایەتی سەعودەکان دەپارێزن، بە شەرتێک کە سەعودەکان لەوە بە دواوە بەس دۆڵار لە باتی نەوتی خام لە ئەمەریکاییەکان وەردەگرن، واتە نەوت بەس بە دۆڵار دەفرۆشن. باقی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێکیش هەر وەک سەعودیەکانیان کرد و ئەوانیش دۆڵاریان وەردەگرت لە باتی نەوتی خام. لە بەر ئەوە کە وڵاتانی جیهان ناچار بون کە نەوتی خام لە وڵاتە عەرەبیەکان بکڕن، ناچار بون کە هەمو کەس بەس بە دۆڵار مەعامله بکەن. لە بەر ئەوەش کە نیازی جیهان بە نەوت هەر دەهات و زیادی دەکرد، تەقازا یا داواکاری کرینی دۆڵاریش هاوکات هەر دەهات و زیادی دەکرد، تەنانەت ئەو کاتەش کە ئیتر نە دەتوانرا دۆڵار بە زێڕ بگۆڕیەوە، ئێستا ئیتر لە گەڵ نەوت دەگۆڕدراوە، واتە ئەوە نەوت بو کە فریای دۆڵار کەوت.

قازانجی ئابوری ئەو پەیمانە ئەوە بو کە نەوت پشتیوانی لە دۆڵار دەکرد. تا ئەو کاتەی کە ئەم وەزعیەتە ئیدامەی ببێت، وڵاتانی جیهان ناچارن کە میقدارێکی هەرە زۆر لە دۆڵار زەخیرە بکەن لە بۆ ئەوەی کە ئەوان ئەم دۆڵارانەیان بۆ کرینی نەوت پێویستە. و تا ئەو کاتەی کە دۆڵار تەنها پوڵی قابیلی قەبولی وڵاتانی بازرگانی نەوت بێت، فەرمانرەوایی دۆڵار لە جیهان مەحفوز دەمێنێتەوە و ئەمەریکیەکان هەر وا دەتوانن بە سەر جیهاندا فەرمانرەوایی بکەن و لە داهاتوشدا هەر وا وەک جاران باجگیری لە خەلکان و وڵاتانی جیهان بکەن.

بە شەرتێک کە، گرنگ نیە بە کام دەلیل، دۆڵار پشتیوانی نەوت لە دەست بدات، ئەیالاتی موتەحیدە فەرمانرەوایی و هێژموۆنی خۆی بە سەر جیهاندا لە دەست دەدات. زەرورەتی زیندو مانەوەی ئەو فەرمانرەواییە



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

ئەوە بە جیهان دیکتە دەکات کە بە هەمو توانا ئیجازە نادرێت نەوت بە غەیری دۆلار بە پوڵێکی تر بفرۆشرێت. ئەوان تەنانەت ئەوەش دەسەپێنن کە ئەو وڵاتانەی کە نەوتیان تێدا دەست دەکەوێت، چ لە باری سیاسیەوە و چ لە باری هێزی نیزامیەوە ئیجازەیان نیە کە لە حەدێکی دیاری کراو بە هێزتر ببن، لە بەر ئەوەی کە نەتوانن نەوتەکەیان بێجگە لە دۆلار بە ئەرزێکی تر بفرۆشن. ئەگەر هەر کامێکیان شتێکی تریان بێجگە لە دۆلار داوا کرد، دەبێ یا بە شێوەی فشاری سیاسی هەمە لایەنە و یا بە فشاری هێزی نیزامی قانع بکرێت کە رای خۆی بگۆرێت.

## شەڕی عێراق بەس شەڕی دۆلار بو نەک شتێکی تر

تەنها کەسێک کە بە عەینی نەوتی لە ساڵی 2000 دا بە یۆرۆ دەفرۆشت، دیکتاتۆری پێشوی عێراق سەدام حسین بو. لە ئەوەڵەوە داواکاریەکەی لە گەڵ تانە و تەشەر و مەسخەرە کردنیەوە روبەرو بووەوە، و دواتر بە نادیدەگرتنی و ئەهمیەت پێ نەدانی. بەڵام کاتێک کە مەعلوم بو کە ئەو شتەکەی جیدیە، دەستیان کرد بە تەحریم کردن و زەختی سیاسیان بۆ هێنا، لە بەر ئەوەی کە ئەو نەزەری بگۆرێت و پاشانیش هێرشی نیزامییان کردە سەر کە ئەنجامەکەی ئەوە بو کە هەمومان دیتمان.
هەر کاتێک کە ئەو وڵاتانەی تر لەوانە ئێران بۆ فرۆشتنی نەوت و گاز پوڵی تری بێجگە لە دۆلار، واتە یۆرۆ و یەن داوا دەکەن، خەتەر بۆ سەر دۆلار گەورەتر بۆتەوە و دەست کراوە بە بەرگری و سات و سەودا و هەڕەشە لەو وڵاتانە.
هێرشە نیزامیەکانی جۆرج بوش بە ناوەکانی Shock & Awe واتە شۆک و حسی ئیحتیرام بۆ سەر عێراق، هێچ پەیوەندییکی بە پتانسیلی ئەتۆمی سەدامەوە، بە دیفاع لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی نەبو، تەنانەت بۆ فەتحی چاڵە نەوتیەکانیش نەبو، بەلکو تەنیا و تەنیا بۆ دیفاع لە دۆلار بو، یانی دیفاع لە مانەوەی هێژمۆنی و فەرمانرەوایی ئەمەریکایەکان بو لە جیهاندا. هەروەها دەبو دەرسێکیش بێت بۆ هەمو ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن لەوەی کە نەوت بە پوڵی غەیرە دۆلار بفرۆشن، کە واتە هەر وڵاتێک سەرپێچی بکات، دەبێ رێگای سەدام بپێوێت و وەکو ئەو سزا بدرێت.

## بوڕسی نەوتی ئێران

سەرئەنجام رژێمی ئێران ئەو بۆمبە ناوەکیەی، کە بە شەوێک هەمو ئەو سیستەمی ماڵیەی کە فەرمانرەوایی ئەمەریکا لە سەری دارێژراوە، و ئێران وەعدەکەی دابو، پەرە پێدا. ئەو بۆمبە ناوەکیەی ئێران ناوی بوڕسی نەوتی ئێرانە، کە بە پێ ئەو بەرنامەی کە بۆی دارێژرابو لە مانگی مارسی 2006 دەبو دەست بە کار بکات. ئەو بوڕسە لە سەر سیستەمی بازرگانی نەوت بە یۆرۆ سەرچاوە دەگرێت و نەتیجەکەی ئەوەیە کە نەوت لەوە بە دوا بەس بە یۆرۆ بفرۆشرێت. ئەمە تەهدیدێکی زۆر گەورەترە لە سەر هێژمۆنی دۆلار تا ئەوەی کە وەختی خۆی لە ساڵی 2000 دا دیکتاتۆری پێشوی عێراق کردی، لە بەر ئەوەی کە ئەم سیستەمەی ئێران بە هەمو کەس مەجالی ئەوە دەدات کە لەوە بە دواوە نەوت بە یۆرۆ بکرن و بفرۆشن و بەم شێوە دۆلار بە تەواوی دەخرێتە پەراوێزەوە. ئیحتیمالی ئەوە لێدەدرێ کە تەقریبەن هەمو کەس سیستەمی نەوتی یۆرۆ قەبوڵ کات.

ئەگەر بێت و بوڕسی نەوتی ئێران بە سەرکەوتویی دەست بە کار بکات، قودرەتە گرینگەکانی سەر گۆرەپانی بازاری نەوت و تەجارەت لەوانە ئوروپاییەکان، چینیەکان، ژاپۆنیەکان، ڕوسەکان و عەرەبەکا، لە هەر حالەتێکدا حەزیان لەوەیە کە ئەم وڵاتانە بە خێرایی و لە رێگاهای سەریعەوە یۆرۆ قەبول بکەن و بەم شێوەیە



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

چارەنوسی دۆلار بۆ هەمیشە دیاری بکریت و بخرێتە پەراوێزەوە. بەلام ئەمەریکایەکان هەرگیز ئەو ئیجازەیە بە کەس نادەن کە شتی وا ڕو بدات و ئەگەر زەرور بێت، ئەوان پەنا دەبەن بە جۆرەها ستراتیژی و پلانی جۆراوجۆر لە بەر ئەوەی کە دەست بە کار کردنی ئەو بۆرسە ماتڵ کەن و دواجار بۆ هەمیشە لە مێشکەکان بیکەنە دەر و بیسڕنەوە.

چەند تێبینێک:
ئەو ولاتانەی کە لە ئەوەلەوە بۆ فرۆشتنی نەوت یۆرۆیان داوا دەکرد، عێراق و کۆرەی باکور و وێنێزوئێلا و دواتر ئێران بو.
ئێران سالی 2003 دەستی کرد بە وەرگرتنی یۆرۆ بە جێگای دۆلار
دواتر روسیە ئەم داوایەی بەرز کردەوە و بە دوای ئەودا نۆروێژیش هاتە ریزی ئەم ولاتانەوە. لە پارلمانی نۆروێژ سالی 2003 ئەم تەرحە خرایە بەر باس و لێکۆلینەوە.
بەلام قورسترین زەربە کە دۆلار بەری دەکەوێت، کەماکان هەر ئەو بورسی نەوتیەی ئێرانە لە سەر سیستەمی یۆرۆ کە قەرار بو سالی 2006 ستارت لێبات. ئەگەر بێت و ئەمە سەر کەوێت و عەمەلی ببێت، پشتی دۆلار بۆ هەمیشە دەشکێنێت.

---

کورتەێک لە سەر نوسەر:

کراسیمیر پێترۆڤ دوکتۆرای فەلسەفەی لە ئیقتیسادی مەدەنی لە دانشگای ئۆهیۆ وەرگرتوە و لە حالی حازردا دەرسی ماکرۆئۆکۆنومی و فینانسی نێونەتەوەیی و هەروەها ئۆکۆنومێتری لە دانشگای ئەمەریکایی لە بولغارستان دەلێتەوە. ناو براو لە حەولی ئەوەدایە کە لە داهاتودا لە ئیماراتی موتەحیدەی عەرەبی، دوبەی پرۆژەێک دروست بکات.



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com